# ئەنجومەنی پارێزگەی هەولێر و ڕێبوار سیوەیلی و شتی تر

سمكۆ عەبدولكەریم

شتێكی زۆر ئاساییە زورجار لە بابەتێكدا بڕگەیەك دەبێتە هۆی وروژانی خوێنەرو پەراوێزێك بۆ ئەوكەسانەی دەیانەوێ دوو قسەی لەسەر بكەن ، بەڵام لە زۆربەی ئەو جۆرە نووسینانەدا جۆرێك لە ناماقولی و تێكەڵ و پێكەڵیەك دروست دەبێ ، ناوێرێ دووقسان بكەی ، یەكسەر بە تەفسیرێكی زۆر سەقەت مەحكوم دەكرێی،ناوێری بڵێی لە هەولێر وا ، ئەگەر پێت دەڵێن ئەی لە سلێمانیش وا نییە ، یان بە پێچەوانەوە ، من تێناگەم ئەوانەی وابە فیكەیەك لە سەر شارەكەیان هەڵدەدەنێ ، بە درێژای ئەو ماوەیە لە كوێ بوون كە ئەوپەڕی سوكایەتی بەشارەكەیان دەكرا ، پێویستیشم بەوە نییە كەس پرسیاری ئەوە بكات كە كێ ئەو سوكایەتیەیی كردوە ، چونكە ئەوە دەمانباتە نێو مزایەداتێكی زۆر بێمانا، كاتێك ریبوار سیوەیلی دێ لە دیدارێكدا كە لە ژمارە 201ی هەفتەنامەی میدیادا بلأوكرایەوە لە چوارچێوەی دوو لاپەڕەی ڕۆژنامەدا باس لە چەندین شت دەكات ، بەلأم تەنیا بڕگەیەكی زۆر سادە دەبێتە جێگەی هەڵوەستە لە سەركردن و گەلەكۆمە لێكردن ، و پێفرۆشتنی چەندین قسە كە هیچ پەیوەندییەكیان بە بابەتەكەوە نییە ، برادەرێك هاتوە هەولێر دەخاتە سەر قیلم قاسەكانی و لە بەرامبەر ئەو رستەیەی رێبوار سیوەیلیدا كە دەڵێ( شاری هەولێر وەك شارێكی تایبەتمەند بە درێژایی مێژووی خۆی دابڕ نەبووە لە كردەی نێربازی ، نێربازی لە هەولێردا كلتورێكی دووردرێژە) دەكەوێتە ستایشكردنی هەولێر، بەو مانایەی كە خەڵكی هەولێر لە كاتی پێویستدا بەهانای لێقەوماونی شارەكانی دیكەی كوردستان چووە ،و هەولێر گیانی لێبوردەیو یەكتر قبولكردنی هەیە ، بە قسەی ئەویش ئەمە مانای ئەوە دەگەیێنێ كە خەڵكی هەولێر كۆمەڵێكی مەدەنین ، من تەنیا یەك تێبینیم لەسەر دوابڕگەی ڕێبوار هەیە كە دەڵێ : كلتورێكی دووردرێژە زۆر گرنگە ماناو تێگەیشتنی كلتورلە بەكار هێنانیدا لێرە رونبكرێتەوە، چونكە رەنگە هەریەكەو لەلای خۆیەوە چۆنی بوێ بەو ئاراستەیەیدا ببیات ، كاك ریبوار لەو دیدارەدا لەسەر مەسەلەیەك گفتوگۆی لە گەڵ كراوە كە لە هەولێر رویداوە ، ئەو نەهاتوە لێكۆلینەوە لەسەر بابەتێك بنووسێ و سەرەنجام باسی دیاردەیەكی كردبێ كە لە هەموو دونیا باوبێ و ئەو هاتبێ تەنیا بە باڵای شارەكەی منی بڕیبێ ، من نازانم ئەو برادەرانە بۆچی بەشتێك قەڵس دەبن كە رۆژێك لە رۆژان وەك دیاردەیەكی زەق لەم شارەدا هەبوە و ئێستاش كەمو زۆر هەیە ، كۆتایی هەفتاكان كە من بەش بەحالی خۆم دەتوانم وەك نمونە پشتی پێببەستم ئەم دیاردەیەی نێربازییە لە هەولێر هەر زۆر باوبووە ، كەچی برادەرانی جیلی پێش من دەڵێن سالأنی پێش ئەمە زۆر باوتر بووە ، بەهەر حال ئەگەر ئەمە لێكۆلینەوەیەكی وردی لە سەر بكرێ رەنگە تا بگەڕێنەوە دواوە ئەم دیاردەی نێر بازییە زیاتر بێ كە ئەمەش پاڵپشتێكی زۆر قایمە بۆ بۆچوونەكەی كاك ریبوار ،لە كۆتایی هەفتاكان و سەرەتایی هەشتاكان من بۆخۆم نەم وێراوە بەوپەڕی ئازادی بە نێوشاری هەولێردا بسوڕێمەوەو بچمە سینەماو شوێنە تایبەتییەكان ، ئەوكات چەقوكێش و شەقاوەو لۆتیو ئارەق خۆرەكان بەردەوام بەدوای مندالی جوان و لوسكەدا دەگەڕان وبە تەحەدا سواری منداڵی ئەو شارە دەبوون ، ئەمە جگە لەوەی كە زۆربەیان منداڵێكی جوانكیلەیان وەگەڵ خۆدەداو دەیانگوت ئەمە قلمە ، ئەو برادەرەش كە پێی وایە ناكرێ چەند كەسێك

بکرێتە  نمونەی شارێك ، باشە خۆ شارێك هەمووی خەریکی ئەو بەزمە نابێ ، هەرچەند کەسێك شارێك دەزەواق دەنێن ،            ، ئێمە هەمیشە ئامادەین شتە جوانەکان بە بالآی خۆماندا ببڕین و شتە ناشیرنەکانیش بە بەشێك لە مێژووی خۆمان نەزانین ، بەم شێوەیە دەمەوێ بلّێم زۆرجار چەند کەسێك دەبنە نمونەی دیاردەیەك لە شارێك ،لەوە زیاتر نامەوێ وەلآمی ئەو محەمەد هەریریەی لەندەن بدەمەوە چونکە باوەڕناکەم نوسەرێك بەم ناوە هەبێ ، لە نووسینەکەشیدا تووشی دەیان موغالەتەی دژ بەیەك بوە ،بۆ خۆشی نازانێ داکۆکی لە چیدەکات ، بەلآم پێم باشە دووقسەی جدی لەسەر روونکردنەوەکەی ئەنجومەنی پارێزگەی هەولێر بکەم کە دەربارەی ئەو دیدارە لە سەر رێبوار سیوەیلی دەرکردوە ، ئەنجومەنێك کەدوای نزیکەی شەش مانگ تێپەڕبوون بەسەر هەلّبژاردنیدا تا ئێستا لە سیّکۆبوونەوە زیاتر هیچی تری نەکردوە ، تا ئێستا هەر قسەیەکی لەگەلّ بکەی پێت دەلّی دەبێ ببوری تا ئێستا هیچ قانونێکمان نییە ئیش و کارەکانمانی لێوە جێبە جێ بکەین ، شەش مانگە نەیانتوانیوە پەیڕوی ناخۆ دابڕێژن و ئیشو کارەکانیان دابەش بکەن و لیژنەکان پێکبێنن ، ئەوان کە لە بەرامبەر گەورەترین تۆڕی تیرۆستی نوقەیان لێوەنەهات ، تەنها لە دواکۆبوونەوەیاندا نەبێ کە ئەویش دوای ئەوەی ئامۆژگاریان   وەرگرت دوو قسەیان کرد ، کەچی لە یەکەمین راگەیانراوی رەسمیاندا بە کۆمەلّێك دروشمی بریقەدار  پەلاماری ئازادی رادەربڕینیاندا و لە پەنای شارچیەتی و دەست گرتن بە بەها ئاینی و کۆمەلآیەتییەکان و بە بیانوی ئەخلاق یەکێ لە بنەماکانی دیموکراسیان پێشێل کرد ، کە بەمەش گەورەترین هەلەیان کرد ،لێرەدا کاتی ئەوە هاتوە واز لە دروشمە بریقەدارەکان بێنین و چیتر مێژوو چەواشە نەکەین،هەرچەندە تێڕوانینی هەر یەکەمان بۆ سەروەری جیاوازە، بەلآم سەرەنجام  سەروەریەکانی هەولێر هی ئەو کەسانەیە کە بە درێژایی مێژووی ئەم شارە فیداکاریان کردوەو بەرامبەر بە شارەکەیان راستگۆ بوونە ،چ لە ناوەوە یان لەدەرەوە ، من نازانم کێ بوون ئەوانەی وەپێش رژێمی بەعس دەکەوتن و دێهاتەکانی کوردستانیان خاپور دەکرد ، کێ بوون ئەوانەی بە چەپلە رێزان پێشوازیان لە سەددام دەکرد ، ئەی ئەوکاتەی رۆلە بیتاوانەکانی ئەم گەلە بەبەرچاوی خەلّکەوە لە شەقامەکانی هەولێر گوللە باران دەکران ، ئەو سەرە بەرزانەی کە هیچ کاتێك بۆ دوژمن دانەنەوێندراون لە کێبوون ، گەورەترین نیفاقی ئەنجومەنی پارێزگەی هەولێر ئەوەیە کە خەلّکی شارەکانی دیکەی کوردستان و نیشتەجێی هەولێر بە خەلّکی بێگانەو نەزان و دلّ رەش دەداتە قەلەم ، لە کاتێکدا یەکێ لە شانازییەکانی شاری هەولێر ئەوەیە کە شاری هەموو کەسێکە بەبێ جیاوازی ، هەموو ئەوانەش کەلەم شارە دەژین شایەدی بۆ ئەمە دەدەن ، ئەنجومەنی پارێزگەی هەولێر لە جیاتی ئەوەی بەدوای شتێك بکەوێ کە کاری ئەو نییە باشتروایە فریای گەڕەکە بێنازەکانی هەولێر بکەوێ ، تواناکانی خۆی لەم رووەوە بخاتە کار باشترە، نەك لە بەدەنگەوە هاتنی لە بەرامبەر بڕگەیەك کە زۆر ئاساییە وا خۆی سەغلەت بکات ، باشتر وایە ئەنجومەن سەرێکی ئەو گەڕەکە بدات و بزانێ ئەوە بۆچی هەفتەی جارێکیش زبل رێژەکان سەرێك بەو گەڕەکە دا ناکەن ، ئەنجومەن بۆچی پرسیاری ئەوەناکات کە قەت بووە زبل لە نێو مالآندا بسوتێندرێ ، باشتر وایە بە دوای ئەو گەندەلیانەدا بچێ کە هۆی چییە پڕۆژەکان ئاوا  دوادەخرێن یان بە سەقەتی تەواو دەکرێن ،پڕۆژە هەیە دوای تەواکردنی جارێکی تر تێکدراوەتەوە لەبەر ئەوەی شتێکی لە بیر کراوە ، دەزانی ئێستا هاولآتیان و

کاسبکارانی ئەو شارە لە چەندین رووە و بە پێی قانون دەتوانن شکایەت لە شارەوانی و ئەنجومەن بکەن ، بۆیە پێم وایە لێرەوە ئەنجومەنی  پارێزگەی هەولێر لە جیاتی ئەوەی ئەو بەیانەی دەرکردبوایە بە دوای خەمەکانی خۆی و هاولآتیان کەوتبایە باشتر بوو ، چونکە ئەو لێرەوە دەتوانێ داکۆکی لە مافی هاولآتیانی شاری هەولێر بکات ، لە کۆتاییدا ئەگەر ئەنجومەن قسەیەکی تری هەبوو ئەوکاتە ئێمەش دووقسەی تر دەکەین .